## بۆ/ ی.سەرۆکی زانکۆی بۆکاروباری کارگێری و دارایی

بابەت/ کۆنوس

دوابەدوای فەرمانی زانکۆیی/نوسینگەی یاریدەدەر ژمارە (٣٥٦٠/٢٩/٧ لە ٢٠١٥/١٠/٢٨) کە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەیەك بەمەبەستی باشترکردن و ڕێکخستنی ئیش و کارەکان و دابەشکردنی شوقەکانی زانکۆمان، لێژنە ماوەی (٢) ڕۆژ کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی دیراسەکردنی داواکاری پێشکەشکاران بۆ وەرگرتنی شوقە کە مافی بەکارهێنانی بۆ زانکۆمانە هەرچەند (تخصیص یان تملیك) نەکراوە بەناوی زانکۆوە.

لیژنەکەمان جەخت لە مەرجە گشتیەکانی وەرگرتنی شوقە بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان و میکانیزمی خاڵبەندی بۆ پێدانی شوقە دەکاتەوە و هەر لەسەر ئەم میکانیزمەش کارە پێویستەکانی ئەنجام داوە، بۆیە بۆ باشتر ڕێکخستنی کارەکە و لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی لیژنە پێشنیار دەکات کە:-

١- شەش باڵەخانەکە بەم شێوەیە دابەشبکرێت:-

أ- ( ٣ ) باڵەخانە بۆ مامۆستای خێزاندار بێت ( باڵەخانەکانی ٤+٥+٦ ) .

ب- ( ٢ ) باڵەخانە بۆ فەرمانبەری خێزانداربێت ( باڵەخانەکانی ٢+٣)

ت- ( ١ ) باڵەخانەی ژمارە (١) نیوەی بۆ مامۆستای سەڵت و نیوەکەی تری وەکخۆی بمێنێتەوە (کە لە شەش شوقە پێکهاتوە ٢ بۆ پۆلیس ١ بۆ مامۆستا جۆن ١ میوانخانە ٢ بۆ مامۆستای سەڵتی ئافرەت).

٢- سەرجەم مامۆستا سەڵتەکان لە یەك شوێن کۆ بکرێنەوە، کە لیژنە پێشنیاری نیوە باڵەخانەی ژمارە (١) کردوە کە بەشی کارگێری ئێستایە.

٣- کرێی مانگانە لەسەرجەمیان وەربگیرێت و لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ دیاریکردنی کرێییەکی گونجاو و نوسراو بۆ وەزارەت بکرێت بۆ وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان لەبارەی کرێی وەرنەگیراوی ساڵانی ڕابردوو و سەرجەم نیشتەجێبوان پابەند بکرێن بە پێدانی مانگانەی ئاو و کارەبا و هەر خزمەتگوزاریەکی پێویستی تر.

٤- دابەشکردنی شوقەکان بۆ ئەوانەی ناویان دەرچوە بەپێی تیروپشك بکرێت بۆ بەرکەوتنی (باڵەخانە، نهۆم، شوقە).

٥- هەموو ساڵێك یان دووساڵ جارێك سەرجەم شوقەکان دابەشبکرێنەوە بۆ ئەوەی زۆرترین مامۆستا و فەرمانبەر سودمەندبن لێی.

٦- هەر (٤) مامۆستای سەڵت یەك شوقەیان پێبدرێت، واتە هەر ژوردی (٢)مامۆستای لێ نیشتەجێ بکرێت.

٧- لیژنەمان سەرجەم مەرجە پێویستەکانی دیاریکردوە، ئەم مەرجانە بکرێتە گرێبەستێك لە نێوان زانکۆمان و بەکرێگر.

٨- بەپێی ئەو دابەشکردنی لیژنەمان کردویەتی پێویست دەکات کە شوقەکانی (م.هیمداد + م.شازاد + م.بەشدار + م.احمد) بگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر، بۆیە پێمان باشە لەمبارەیەوە قسەیان لەگەڵ بکرێت بۆ چۆلکردنی ئەم شوقانە و پێدانی شوقە لە باڵەخانەی تایبەت بەخۆیان، ئەگەر نەشگوازرێنەوە لەکاتی چۆلکردنی شوقەکانیان دابەشی ئەوانە بکرێن کە باڵەخانەکانیان بۆ دیاریکراوە.

٩- سەرجەم بەکرێگرەکان پابەند بکرێن کە لەکاتی چۆلکردنی شوقەکان بەهەر هۆکارێك بێت، ئەستۆپاکی بەرێوەبەرایەتی کارگێری وەربگرێت لەبارەی شوقەکانەوە.

١٠-فەرمانبەرێك ڕابسپێرێت بۆ بەدواداچونی (تملیك یان تخصیص)ی ئەم شوقانە.

سەرۆکی لیژنە
صالح عبداللە بابکر
م. یاریدەدەر/ب.کاوباری کارگێری

ئەندام
هێمن علی حسن
م. یاریدەدەر/ب.کۆگاوئامێنکاری

ئەندام
ڕێناس حسێن برایم
یاسایی/ب. کاروباری یاسا

## مەرج و ڕێنمایی نیشتەجێ بوون لە شوقەکانی زانکۆ

### یەکەم / مەرجەکانی وەرگرتنی شوقە

١- بەکرێگر پێویستە ماموٚستا یان فەرمانبەر بێت لە زانکۆی ڕاپەڕین و بەردەوام بێت (هەمیشەیی یان گرێبەست).

٢- پێویستە بەکرێگر نەخۆی نە هاوسەرەکەی نە منداڵە ناکامەکانی خانوو و شوقەی تریان بەناوەوە نەبێت نە لە ڕانیە نە لە دەرەوەی ڕانیە، بۆیە زانکۆ لەمبارەوە نوسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەکات بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە، ئەگەر دەرکەوت کە بەکرێگر خانوو شوقەی تری بە ناوەوەیە ڕوبەڕووی یاسا دەکرێتەوەو ڕێککاری پێویستی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

٣- ئەگەر بەکرێگر خۆیی و هاوسەرەکەی ماموٚستا یان فەرمانبەربن لە زانکۆمان، تەنها یەك دانەیان فۆرمی وەرگرتنی شوقە پڕ دەکاتەوە، بەڵام لەخاڵبەندی خاڵی تایبەت بەم بوارەی پێدەدرێت.

٤- ئەو ماموٚستایانەی کە ژیانی هاوسەریان پێکنەهێناوە لە باڵەخانەی تایبەتدا نیشتەجێ دەکرێن و بە چوار ماموٚستا یەك شوقەیان پێدەدرێت.

٥- ماموٚستای سەڵتی نیشتەجێی قەزای ڕانیە شوقەی پێنادرێت و فەرمانبەری سەڵت بەهیچ شێوەیەك شوقەی پێ نادرێت.

### دووەم / مەرجەکان بۆ کاتی نیشتەجێ بوون

١- بۆ ئەوەی زۆرترین ماموٚستاو فەرمانبەر سودمەندبن لە نیشتەجێبون لە شوقەکان، هەموو ساڵێك یان دووساڵ جارێك لە مانگی (٧) زانکۆ پرۆسەی بەکرێدانەوەی شوقەکان دووبارە دەکاتەوە.

٢- بەکرێگر پێویستە بۆخۆی نیشتەجێی شوقەکە بێت وە بەتەنها بۆ مەبەستی نیشتەجێبون بەکاری بێنێت ناتوانێ بیداتە کەسی تر.

٣- بەکرێگر پێویستە بۆخۆیی و خێزانی نیشتەجێی شوقە بێت، بەهیچ شێوەیەك بۆی نی یە شوقە وەربگرێت و خێزان و ماڵ و منداڵیشی لەگەڵ نەبێت و لەشارێکی تر بژین، بۆیە لەم کاتەدا زانکۆ بە مافی خۆی دەزانێت شوقەکەی لێوەربگرێتەوە و لەگەڵ ماموٚستایانی سەڵت نیشتەجێی بکات.

٤- هەر شوقەیەك کە بەکرێ دەدرێت بە لیژنەی استلام رادەستی بەکرێگر دەکرێت و دوای کۆتایی ساڵ بە لیژنە لێی وەردەگیرێتەوە بۆیە بەکرێگر پابەندە بە پاك ڕاگرتنی شوقەکان و چاککردنەوەی کەم و کوڕیەکان کەبەهۆی نیشتەجێبونەوە دروست دەبن.

٥- بەکرێگر بەهیچ شێوەیەك بۆی نی یە دەستکاری دیزاین و نەخشەو شێوەی شوقە بکات تەنها بە ڕەزامەندی نوسراوی زانکۆ نەبێت، وە بۆی نی یە داوای قەرەبووی ئەو خەرجیانە بکات کە کردویەتی.

٦- بەکرێگر بۆی نی یە کە کەل و پەل و پێداویستیەکانی لە شوێنی گشتی دابنێت وەکو پلیکانەکان،ڕاڕەوەکان،باخچە،ڕاڕەوی هاتوچۆی دەرەوە،شۆستەکان،بەردەمی دەرگای سەرەکی........هتد.

### سێیەم / دابەشکردنی باڵەخانە و نهۆم و شوقە

سەرجەم شوقەکان بەشێوەی تیروپشك دابەش دەکرێت لەنێوان ئەو ماموٚستاو فەرمانبەرانەی کە لە سیستەمی خاڵبەندی دەرچون بە مەبەستی دیاریکردنی شوقە و نهۆم، وە لەکاتێکدا دوو داواکاری پێدانی شوقە هەبوو کە خاڵەکانیان هاوشێوەبێت بەهەمان شێوە تیروپشك دەکرێت لەنێوانیان.

### چوارەم / کرێ و رسوماتی شوقە

١- بەکرێگر پابەندە بەپێدانی کرێی مانگانە بە زانکۆمان بەوشێوەی لە رێنمایی دارایی ژمارە(٢٣)هاتووە کە بە نوسراوی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری دارایی و ئابوری/بەرێوەبەرایەتی گشتی دارایی/محاسبە گشتاندنی پێکراوە بە نوسراویان ژمارە (٥٢٢٤ لە ٢٠٠٨/٣/٢٦)، کە بە لیژنەی تایبەت و بە فەرمانی زانکۆیی دیاریدەکرێت پالپشت بە رێنمایی ناوبراو.

٢- کرێ مانگانە لە موچەکەی دەگێردرێتەوە.

٣- بەکرێگر پابەندە بە پێدانی کرێی خزمەتگوزاریەکانی کە بەکاری دێنێت وەکو(مانگانەی کارەبا، مانگانەی ئاو.... هتد) وە هەر رسوماتیکی تر بەپێی یاساو رێنماییەکان، وە ئەگەر پابەند نەبێت بە پێدانیان لە موچەکەی دەگێردرێتەوە.

### پێنجەم / کۆتایهێنانی بە مافی نیشتەجێ بوون

١- هەرکاتێك بەکرێگر راژەی خزمەتی لە زانکۆمان کۆتایی پێهات.

٢- بەکرێگر مۆڵەتی خوێندنی کرد لەناوخۆی کوردستان یان دەرەوە کوردستان وە خێزانەکەشی لەگەڵی بوو.

٣- مامۆستا بوو وە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نەدابوو وە لە خوێندن وەرگیرایەوە.

٤- خاڵەکانی (ب+ت) ئەو مامۆستا یان فەرمانبەرانە ناگرێتەوە کە لەخوێندن وەرگیراونەتەوە لە زانکۆی راپەرین.

٥- لەکاتی پێویست و بۆ بەرژەوەندی گشتی، زانکۆ ئەو مافەی هەیە کە شوقە بە بەکرێگر چۆڵ بکات، بەلاّم پێویستە (١٥)پانزە رۆژ پێشتر ئاگاداری بکاتەوە.

٦- لەکاتێکدا بەکرێگر ژیانی هاوسەری کۆتایی پێهێنا بەشێوەی لێکجیابونەوە، پێویست دەکات کە شوقەکە چۆڵ بکات، بەلاّم ئەگەر بەکرێگر مامۆستا بوو دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بە مەبەستی نیشتەجێکردنی لەشوقەی مامۆستایانی سەڵت.

٧- ئەگەر هاتوو بەکرێگر کۆچی دوایی کرد، هاوسەروو منداڵەکانی دەتوانن تا ماوەی ساڵێك نیشتەجێی شوقە بن، کە دەست پێدەکات لەبەرواری کۆچی دوایی بەکرێگر.

### شەشەم / شەش باڵەخانەکە بەم شێوەیە دابەشکراوە

أ- ( ٣ ) باڵەخانە بۆ مامۆستای خێزاندار بێت ( باڵەخانەکانی ٤+٥+٦ ) .

ب- ( ٢ ) باڵەخانە بۆ فەرمانبەری خێزانداربێت ( باڵەخانەکانی ٢+٣)

ت- ( ١ ) باڵەخانەی ژمارە (١) نیوەی بۆ مامۆستای سەڵت و نیوەکەی تری وەکخۆی ماوەتەوە (کە لە شەش شوقە پێکهاتوە ٢ بۆ پۆلیس ١ بۆ مامۆستا جۆن ١ میوانخانە ٢ بۆ مامۆستای سەڵتی ئافرەت).

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| رێناس حسێن برایم | هێمن علی حسن | صالح عبداللە بابکر |
| یاسایی/ب. کاروباری یاسا | م. یاریدەدەر/ب.کۆگاودابینکاری | م. یاریدەدەر/ب.کاوباری کارگێری |

## مامۆستای خێزاندار

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشان | بروانامه | سالآنی خزمەت | خالّی هاوسەر | منالّ | کۆ | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | طه احمد كريم | م.یاریدەدەر | ٨ | ١٦ | ٢ | ١ | ٢٧ | مرۆڤایەتیەکان |
| ٢ | پەریشان خالد صابر | م.یاریدەدەر | ٨ | ٦ | ٢ | ٢ | ١٨ | قەلآدزێ |
| ٣ | ابراهيم علي سليم | م.یاریدەدەر | ٨ | ٤ | ١ | ٢ | ١٥ | مرۆڤایەتیەکان |
| ٤ | جوامێر رسولّ حمه | م.یاریدەدەر | ٨ | ٦ | ١ | | ١٥ | زانست |
| ٥ | هێمن محمود خدر | م.یاریدەدەر | ٨ | ٤ | ١ | ٠ | ١٣ | بنەرەت |
| ٦ | یادگار مصطفی ابراهیم | م.یاریدەدەر | ٨ | ٥ | ١ | ٠ | ١٤ | مرۆڤایەتیەکان |

### دورخراوەکان

| ژ | ناوی سیانی | هۆکار |
|---|---|---|
| ٨ | محمد خالید خضر | خانوی هەیە لە ڕانیه |
| ٩ | شاسوار محمد محمود | شوقەی وەرگرتوە |
| ١٠ | هەرێم حسن حمد | شوقەی وەرگرتوە |
| ١١ | ایوب کریم سعید | فۆرمی نی یە + پوختەی راژەی نی یە+ بروانامەیان نەهێناوە + هیچ ئەولیاتیکیان نەهێناوە کە پێویستە و لێی داواکراوە |
| ١٢ | توانا قادر صابر | فۆرمی نی یە + پوختەی راژەی نی یە+ بروانامەیان نەهێناوە + هیچ ئەولیاتیکیان نەهێناوە کە پێویستە و لێی داواکراوە |

## مامۆستای سەلّت

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشان | شوێنی کار | ژ.خاڵەکان | هۆکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نور سالم عبدالجبار | م.یاریدەدەر | بنەرەت | ١٠ | مامۆستای گرێبەستی خواروی عێراقە |
| ٢ | ئامینە قحطان علی | م.یاریدەدەر | بنەرەت | ٩ | مامۆستای گرێبەستی خواروی عێراقە |
| ٣ | پێشەوا بابکر برایم | م.یاریدەدەر | بنەرەت | ٩ | نیشتەجێی دەرەوەی قەزای رانیەیە (قەلآدزێ) |
| ٤ | ادریس کریم حسن | م.یاریدەدەر | بنەرەت | ٨ | مامۆستای گرێبەستی ولاتی ئێرانە |
| ٥ | زانا عزیز عبدالکریم | م.یاریدەدەر | پەرستاری | ٢١ | نیشتەجێی دەرەوەی قەزای رانیەیە (قەلآدزێ) |
| ٦ | هەڵەت رشید | | | | سەرجەمیان شوقەیان وەرگرتوە لە ئێستادا، بەلآم دەگوازرێنەوەبۆ ئەو باڵەخانەی بۆ مامۆستای سەلّت دیاریکراوە |
| ٧ | احمد رچا | | | | |
| ٨ | طلعت محمد | | | | |
| ٩ | پۆلآ عبداصمد | | | | |
| ١٠ | کریم طه | | | | |
| ١١ | بەختیار عبداللە | | | | |
| ١٢ | هێمن حاجی عبداللە | | | | |
| ١٣ | صدرالدین عبدالرحمن | | | | |

### دورخراوەکان

| ژ | ناوی سیانی | هۆکار |
|---|---|---|
| ١٤ | عثمان عبدالرحمن حمد | نیشتەجێی قەزای رانیەیە |
| ١٥ | صفأدین احمد فاضل | کۆتایی بە راژەکەی هاتوە لە زانکۆ |
| ١٦ | سۆران عبدالرحمن حمد | نیشتەجێی قەزای رانیەیە |
| ١٧ | سلیمان حمدامین سۆرکان | نیشتەجێی قەزای رانیەیە |
| ١٨ | ئازادە اقبال رحمانی | کۆتایی بە راژەکەی هاتوە لە زانکۆ |

| فەرمانبەری خێزاندار | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی سیانی | بروانامە | ساڵانی خزمەت | خاڵی هاوسەر | منداڵ | کۆ | شوێنی کار | تێبینی |
| ١ | علی عبدالله محمود | ٦ | ١٢ | ٢ | ٠ | ٢٠ | مرۆڤایەتیەکان | |
| ٢ | عبدالله عزیز حسن | ٢ | ١١ | ١ | ٣ | ١٧ | ب.بەشەناوخۆیی | |
| ٣ | دیار صدیق عبدالرحمن | ٦ | ٩ | ١ | ٠ | ١٦ | ب.ئەندازەوپرۆژەکان | |
| ٤ | رەوشت محمد کونی | ٦ | ٤ | ٢ | ١ | ١٣ | ب.ئەندازەوپرۆژەکان | |
| ٥ | محمد حسێن عبدالله | ٦ | ٣ | ٣ | ١ | ١٣ | ن.ی.س.ز | |
| ٦ | چنار محمود قادر | ٦ | ٣ | ٢ | ١ | ١٢ | ب.تۆماری گشتی | |
| ٧ | شادی کریم عبدالله | ٦ | ٤ | ٢ | ٠ | ١٢ | بنەرەت | |
| ٨ | دیار محمد حسن | ٦ | ٣ | ٢ | ١ | ١٢ | ب.تەندروستی و سەلامەتی | |
| ٩ | رابەر عمر محمد | ٦ | ٢ | ٣ | ١ | ١٢ | بنەرەت | |
| ١٠ | هانا کامل حمەسعید | ٤ | ٤ | ٢ | ١ | ١١ | بنەرەت | |
| ١١ | مسعود فقی خدر | ٦ | ٣ | ١ | ١ | ١١ | مرۆڤایەتیەکان | |
| ١٢ | بەناز ابراهیم غفور | ٦ | ٣ | ١ | ١ | ١١ | ب.تۆماری گشتی | |
| ١٣ | هەڤال محمد علی | ٦ | ٢ | ٢ | ١ | ١١ | پەرستاری | پشتگیری فەرمانبەری هاوسەری بێنێت |
| ١٤ | هەوراز جبار عبدالکریم | ٤ | ٤ | ١ | ١ | ١٠ | زانست | |
| ١٥ | کامەران عزیز علی | ٤ | ٤ | ١ | ١ | ١٠ | ب.بەشەناوخۆیی | |
| ١٦ | ئاکام ابوبکر حمە | ١ | ٦ | ١ | ٢ | ١٠ | کارگێری | |
| ١٧ | ئاکام حسن عبدالقادر | ٦ | ٢ | ١ | ٠ | ٩ | بنەرەت | |
| ١٨ | هەردی تحسین عبدالله | ٤ | ٣ | ١ | ١ | ٩ | ن.ی.س.ز | |
| ١٩ | خزاڵ مولود رسول | ٠ | ٦ | ١ | ١ | ٨ | ن.سەرۆکی زانکۆ | |
| ٢٠ | رێبوار اسماعیل مصطف | ٦ | ٠ | ١ | ٠ | ٧ | مرۆڤایەتیەکان | |

**دورخراوە**

| ژ | ناوی سیانی | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ئومێد محمد عمر | دورخرایەوە | ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە |
| ٢٢ | جبار احمد عزیز | دورخرایەوە | خانوی هەیە لە رانیە و بە ناوی خۆیەتی |

سەرۆکی لیژنە — صالح عبدالله بابکر — م. یاریدەدەر/ب.کاوباری کارگێری

ئەندام — هێمن علی حسن — م. یاریدەدەر/ب.کۆگاودابینکاری

ئەندام — رێناس حسێن برایم — یاسایی/ ب. کاروباری یاسا